# حیزبی کرێکاری سۆسیال- دیموکراتی ڕوسی
# کرێکارانی جیهان یه کگرن!

# یه کی ئایار

هاوڕێیانی کرێکار!

جه ژنی گه وره ی کرێکارانی جیهان به ڕێوه یه . یه کی ئایار ، کرێکاران ئاهه نگ ده گێرن به بۆنه ی ئه م ڕوژه پرشنگدارو پڕ بایه خه وه ، یه کگرتنیان ته نها یه کێتی یه کی برایانه یه له خه بات دا له دژی هه موو زوڵم و زۆرێک ، دژی هه موو پێشێلکاری یه ک ، دژی هه موو چه وسانه وه یه ک ، له پێناوی ڕێکخراوێکی سۆسیالیستی له کۆمه ڵگادا.
هه موو ئه وانه ی که کار ده که ن ، له سه ر به رهه می کاره کانیان ده وڵه مه ندان و ده سه ڵات داران ده ژیه نن ، ئه وانه ی که کار ده که ن بۆ ژیانیان، کاره کانیان له توانای خۆیان زۆر له سه روو تره ، له به رامبه ر موچه یه کی مه مره و مه ژی ، که هه رگیز به هره مه ند نین له به رهه می ئه و ئازاره ی که ده یچێژن ، ئه وانه ی که وه ک نیمچه ئینسان ده ژین له ناو ئه م هه موو پێشکه وتن و شارستانی یه ته ی ئێمه دا ، له م خه باته دا بۆ ڕزگاری و ئاسوده یی هه موو هاوکاری یه کتر ده که ن .
ده با له ناو بچێت دوژمنایه تی درێژخایه ن له ناو کرێکارانی میلله ته جیاوازه کان و مه زهه به جیاوازه کان دا ! دوژمنایه تی یه ک که ته نها له خزمه تی تاڵانچی یان و زۆرداران دایه بۆ جیاوازی خستنه ناو ڕیزه کانی پرۆلیتاریاوه . جوله که و مه سیحی ، ئه رمه نی و تاتار، پۆڵۆنی و ڕوسی ، فنله ندی و سویدی ، لتوانی و ئه ڵمانی هه موو، هه موو پێکه وه و له ژێر سمبولی هاوبه شی سۆسیالیزم دا هه نگاو ده نێن .
هه موو کرێکاران بران ، یه کێتی به هێزیان تاقه گه ره نتی یه بۆ به ده ست هێنانی به خته وه ری بۆ سه رجه م به شه ر ییه تی کرێکار و چه وساوه . له یه کی ئایاردا، له گه ڵ هاوپه یمانێتی کرێکاران له هه موو وولاتان دا ، سۆسیال- دیموکراتی جیهانی ، به سه ر که وتوویی هێزه کانی هه ڵده سه نگێنێت و ڕیزه کانی یه ک ده خات ، ماندوو نه ناسانه و لێ براوانه له خه باتێکی تازه دا بۆ ئازادی و ، یه کسانی و برایه تی.
هاوڕێیان !
ئێمه ئێستا چوینه ته قۆناغێکه وه که ڕووداوی گه وره له ڕوسیادا ڕووده دات. ئێمه ده ستمان کردووه به خه باتێکی ماندوونه ناسانه و یه کجاری له دژی حکومه تی زۆرداری تزاری ، پێویسته له سه رمان هه تا سه رکه وتنی کۆتایی بڕۆیین . ئه م حکومه ته دوژمن کاره ، حکومه تی جه للادان و زۆردارانه ، حکومه تی مشه خۆرو خزمه تکاری سه رمایه ! ده بینن هه موو خه ڵکی ڕوسیایان توشی چ به ڵایه ک کردووه. حکومه تی تزاری خه ڵکی ڕوسی خستۆته ناو شه ڕێکی ماڵ وێرانکه ره وه له دژی ژاپۆن. سه ده ها هه زار گه نج له شوێنی خۆیان هه ڵکه ندران و بوونه قوربانی له ڕۆژهه ڵاتی دوور. ئه م شه ڕه ئه وه نده ناخۆشی و ماڵ وێرانی هێنا که زبان له ئاستی دا ناتوانێت وه سفی بکات . ئه م شه ڕه یان بۆ هه ڵگیرساند؟ له به ر ماندشۆری* بوو که حکومه ته دزه که مان له چینی دابڕی ! له به ر زه وی و زاره کانی ده ره وه ی ڕوسیا بوو که خوێنی ڕوسی تیا ڕژاو و وولات بوو به وێرانه . ژیانی کرێکارو جوتیار هه ر دێت و سه ختتر ده بێته وه ؛ سه رمایه داران و کارمه ندانی مشه خۆریان ژیانی خه ڵکی توند ترو توند تر ده که نه وه، له م لا شه وه حکومه تی تزاریش ، خه ڵک ڕه وانه ی زه وی و زاری ده ره وه ده کات بۆ تاڵانکردنی .

جه نه ڕاڵه بێ تواناکانی تزاری و کارمه نده گه نده ڵه کان که شتی یه جه نگی یه کانی ڕوسیایان دۆڕاند ، به ملیۆن ملیۆن پاره یان به فیڕۆ دا ، که ملکی خه ڵک بوون ، هه موو چه که کانیان به کار هێنا ، به ڵام له گه ڵ ئه مانه شدا شه ڕ هه ر به رده وامه و قوربانی تازه ی لێ ده که وێته وه . خه ڵک بێ سه رو ماڵ کراوه ، بازرگانی و پیشه سازی ئیفلیج بوون ، برسێتی و کۆلێرا باڵی کێشاوه به سه ر وولات دا ، به ڵام حکومه تی دیکتاتۆر کوێره و له سیاسه تی خۆی به رده وامه ؛ ئاماده یه ڕوسیا بدۆڕێنێت بۆ ڕزگار کردنی مشتێک له جه للادان و زۆرداران ؛ له گه ڵ ئه وه شدا که شه ڕی له گه ڵ ژاپۆن دا هه ڵگیرساندووه،شه ڕی دووهه میشی له دژی هه موو خه ڵکی ڕوسیا ده ست پێ کردووه.

پاش تێپه ڕبوونی قه ڕنێک به سه ر ئیفلیج بوونی ژیانی خه لک، چه وسانه وه و کۆیلله تی ، ڕوسیا هه رگیز ڕووداوی له م جۆره ی به خۆیه وه نه دیوه . هه موو چینه کانی کۆمه ڵکه وتونه ته جوڵه ، له کرێکاران و جوتیاران هه تا ملکداره عه قاری یه کان و سه رمایه داران ؛ هاواری ڕاپه ڕیین له هه موو شوێنێک ده نگ ده داته وه ، له پترسبۆرگ وکۆکاز، له پۆڵۆن و سیبیریا . خه ڵک له هه موو شوێنێک ڕایده گه یه نن که ده بێت کۆتایی به جه نگ بێت و به ڕێوه به رایه تی یه کی جه ماوه ری ئازادیان ده وێت بانگه واز ده که ن بۆ به رپاکردنی کۆبونه وه گشتی یه کان وهه ڵبژاردنی نوێنه ره کانیان به بێ جیاوازی و خۆ ڕێک خستنیان له شورای سه رتاسه ریدا، له پێناوی دروست کردنی حکومه تێکی جه ماوه ریداو ڕزگارکردنی خه لک له ماڵوێرانی وراماڵینی دیکتاتۆری.

ڕۆژی یه ک شه ممه ی 9 ی ژانوێری 200،000 کرێکاری پیترسبۆرگ له دژی تزار خۆپیشاندانیان کرد بهبه شداری قه شه ی گاپۆن وه ک و نۆێنه ری داواکاری یه کانی خه ڵک. تزار پێشوازی یه کی دوژمنکارانه ی له کرێکاران کرد ، که وته گوله باران کردنی کرێکارانی بێ چه ک له شه قامه کانی پترسبۆرگ . خه با ت په رهی سه ندووه و هه موو شوێنێکی ڕوسیای گرتۆته وه کرێکاران مانده گرن،

داوای ئازادی و ژیانێکی باشتر ده که ن ، له ریگاو له پۆڵۆن، له سه ر قۆڵگاو له خوارووی خوێن ده ڕژێت ، جوتیاران له هه موو شوێنێک ڕاپه ڕیوون. خه بات له پێناوی ئازادی دا بووه به خه باتێکی هه موو خه ڵک حکومه تی تزاری ترسێکی شێتانه ی لێ نیشتووه. ده یه وێت په نابه رێته به ر به رده وامی شه ڕ، به ڵام ئه مه شیان دادی نادات . به ڵێنی داوه که له گه ڵ نوێنه رانی جه ماوه ردا کۆبێته وه،به ڵام له ڕاستی دا هیچ شتێکی تازه ی لێ چاوه ڕوان ناکرێت،چه وسانه وه هه ر به رده وامه، کارمه نده گه وره کانی ده وڵه ت هه میشه تاوانه کانیان ئه نجام ده ده ن، نایه ڵن کۆبونه وه ی جه ماوه ری ئازاد به رپا بکرێ، ڕۆژنامه ئازاده کان ڕێگایان پێ نادرێت، به ندیخانه کان که پڕ کراوه له جه نگاوه رانی مه سائیله کرێکاری یه کان هه میشه داخراون . حکومه تی تزاری به هه موو شێوه یه ک هه وڵ ده دات دوژمنایه تی بخاته نێو خه ڵکه وه و له دژی یه کتری به شه ڕیان بدات ، قه سابخانه یه کی له باکۆ به ڕێخست به هۆی هاندانی تاتاره کان له دژی ئه رمه نی یه کان ؛ له ڕێگای ڕق و قینێکی کوێرانه وه ، ئێستا ده یه وێت گۆمی خوێنێکی تازه له دژی جوله که کان به رپا بکات .

هاوڕێیانی کرێکار!

ڕێگا ناده یین به م شێوه یه خه ڵکی ڕوسیا ڕیسوا بکرێت ، به رگری له ئازادی ده که ین ، هه موو ئه و هه وڵانه پوچه ڵ ده که ینه وه که ده یانه وێت توڕه یی خه ڵک به لا ڕێ دا به رن و شانی دوژمنانمان سوک بکه ن . شۆڕشێکی چه کداری به رپا ده که ین بۆ ڕوخاندنی حکومه تی تزاری و ده سته به ر کردنی ئازادی بۆ هه موو جه ماوه ر.

کرێکاران ،جوتیاران ده ست بده نه چه ک ! کۆبونه وه نهێنی یه کانی خۆتان به رپا بکه ن ، ده ست بکه ن به چه کدار کردنی گشتی خه ڵک ، به هه ر چه کێک که بۆتان ده کرێت خۆتان چه کدار بکه ن ، خه ڵکانێک که متمانه تان پێ یه تی بیهێننه ناو ڕیزه کانی حیزبی کرێکاری سۆسیال- دیموکراتی ڕوسی یه وه ! با یه کی

ئایاری ئه مساڵ بۆ ئێمه جه ژنی به رپا کردنی شۆڕشێکی کۆمه ڵایه تی بێت ، خۆتان بۆئه م شۆڕشه ئاماده بکه ن ، چاوه ڕوانی بروسکه ی هێرشی کۆتایی بن له دژی زۆرداری. بڕوخێ حکومه تی تزاری!

ئه م حکومه ته ده ڕوخێنین و له جێگاکه ی حکومه تێکی شۆڕشگێڕی کاتی داده مه زرێنیین بۆبه ڕێخستنی دامه زراندنی شورای خه ڵک. نوێنه رانی خه ڵک له هه ڵبژاردنێکی گشتی دا هه ڵده بژێردرێن ، هه لبژاردنێکی ڕاسته وخۆ، یه کسان و هه لبژاردنێکی نهێنی . ده بێت به رگریوانانی ئازادی له به ندیخانه کان دا ئازاد بکرێن و دوورخراوه کان بگه ڕێنه وه بۆ شوێنه کانیان ؛ ئه و کاته کۆبونه وه کانی جه ماوه ر به ئاشکرا به رپا ده کرێت و ڕۆژنامه کانیان به بێ سانسۆر ده رده چن دوور له چاودێری کردنی کارمه ندانی مه لعون.

خه ڵک هه موو چه کدار ده بن ، چه ک ده ده ینه هه موو کرێکارێک بۆ به رگری له هه موو خه ڵک ، نه ک بۆ مشتێک له تالآنچی یان له ده بێت برۆن . ده بێت کۆمیته کانی جوتیارانی ئازاد دروست ببن له دێهاته کان دا بۆ ژێره و ژور کردنی رژێمی فیوداڵی ملکداره عه قاری یه کان ، بۆ ته سلیم کردنی کارمه ندانی تاوانبار به خه ڵک ، بۆ گه ڕانه وه ی زه وی یه زه وتکراوه کان بۆ جوتیاران.

ئه مانه هیواو ئامانجی سۆسیال- دیموکراتین، له به ر ئه وه پێتان ڕاده گه یه نیت که چه ک هه ڵگرن ؛ بۆ ئازادی یه کجاری ، بۆ جمهوری دیموکراتی ، بۆ هه شت سه عات کار له ڕۆژێک دا، بۆ دروست بوونی کۆمیته کانی جوتیاران. خۆتان ئاماده ی شه ڕێکی گه وره بکه ن.

هاورێییانی کرێکار، له یه کی ئایاردا فابریک و کارگه کان بوه ستێنن ، چه ک هه ڵگرن، شوێن ڕێنمایی یه کانی کۆمیته کانی حیزبی کرێکاری سۆسیال- دیموکراتی ڕوسیا بکه ون . زه نگی ده ست پێ کردنی شۆڕش جارێ لێ نه دراوه، به ڵام نزیکه. ئه مرۆ کرێکارانی جیهان دڵیان له لامانه ، چاویان بڕیوه ته قاره مانانی پرۆلیتاریای ڕوسی که ئاماده بووه بۆ دانی قوربانی یه کی زۆر له پێناوی ئازادی دا. کرێکارانی پیترسبۆرگ بڕیاریان داوه که یادی 9 ی جانوه ری بکه نه وه ؛ کرێکاران له هه موو ڕوسیادا ئه م هاواره تازه یه ی شه ڕ ده به نه پێشه وه : یان ئازادی یان مردن! هیچ قوربانی یه ک پاشه کشه مان پێ ناکات ، به ره و شۆڕشی ئازادی هه نگاو ده نێیین ، به ره و ئازادی له سۆسیالیزم دا!

بژی یه کی ئایار، بژی سۆسیال- دیموکراتی ئه نته رناسیۆناڵی شۆڕشگێڕ!
بژی ئازادی بۆ جه ماوه ری کرێکارو جوتیار، بژی جمهوری دیموکراتیک،
بڕوخێ ده سه ڵاتی سه رکوتگه ری تزاری.

1905

مه کته بی گشتی کۆمیته کان
ده سته ی نووسه رانی < ڤ پێریۆت> {1}

*ماندشۆری:- ناوچه یه که له باکوری ڕۆژهه ڵاتی چین و ده که وێته سه ر سنوری باشوری ڕۆژهه ڵاتی ڕوسیا. تێبینی وه رگێڕ

تێبینی:-
تێبینی یه کان که ئیشاره تیان پێ کراوه له لا یه ن بلآوکه ره وه وه ئاماژه یان پێ کراوه
( ن. ئۆ)

{1}ڤ پێریۆت{ بۆ پێشه وه }ڕۆژنامه یه کی بۆلشه فیکی قاچاغ بوو، 18 ژماره ی له جنێڤ ده رچوو ، له 22 ی دیسامبه ری 1904 { 4ی جانوێری 1905}هه تا 5{18} ی مای 1905. لینین داهێنه رو به ڕێوه به ری بوو له یه ک کات دا.

ئه م نوسینه پێش 12 (25) ئاپریل ی 1905 نوسراوه له هه مان ساڵ دا بڵاو بۆ ته وه.

ئه م نوسینه ی لینین وه رگیراوه له سایتی ئه رشیفی مارکسیسته کان له ئه نته رنێت به شی فه ره نسی و له م لینکه ی خواره وه:-

http://www.marxists.org/francais/lenin/works/1905/04/vil 19050400.htm

وه رگێڕانی له فه ره نسی یه وه:

**هۆشیار قادر**

hoshyarkadr@yahoo.fr 23.08.2009